# نووسین و دۆڵمە لێنان



سەباحەت تاهیر

ئەو رۆژەی بابەتەکەم بە ( ئیمێلی مێردەکەم) بۆ سایتی دەنگەکان نارد گووتم براینە گەر دۆڵمە لێنان ماوەم بدات رەنگە جارو بار شت بنووسم ,

لە سەرەتای حەفتاکان کە دەستم بە( شیعرۆکان) کرد دایکم پێ ی گووتم" لۆ کچم چما ئەتوو نێرە موکی شیعر شیعرانی بکەیت یان دەتەوێ وەك وەستا حوسێن لە برسان ولە حەسرەتی بمری(مەبەستی دایکم سامی عەودالّی شاعیر بوو)"..., جا قسەی خۆمان بێت کە باسی شیعرو ئەو شتانەم دەکرد هەر بە(نێرەمووك) دەهاتمە بەر چاوان هەندێك شتم نووسی و بلاو کردەوە ئیبیتر چەقیم...............!!

گووتم باشە ئینشاالله کە مێردم کرد ئینشاالله"مێردەکەم شاعیرو نووسەر دەبێت ئینجا مەودام دەبێ و دەبی ببمە گەورە ترین شاعیری کوردان" .لە خودا بە زیاد بێت مێرد کراو مێردەکەم سەرە رای ئەوەی شاعیرو نووسەرە ," پیاوێکی یەکجار بێ زەریشە"... بەڵام ئێوە خۆتان سەر پشك بن" تو ئەو خوداییە لە هەشتاکان کەی شوێنی دووشاعیر لە ماڵێکدا دەبووەوە..؟؟ , ئێ قابیلە ئەو پیاوە کە پیاوێکی شاعیرە بۆ من پاشەکشەی بکردباییە..؟؟!!.

لە هەشتاو شەش کە مێردەکەم لە لایەن دائیرەی ئەمن گیراو ماڵەکەمان تالان کرا, دایکم گووتی" خودا روحمی کرد تۆ ناوو شیعرو معرت نەبوو دەنا تۆش بە فەتارەت دەچوویت, حەیاشمان دەچوو..!! کچم هەر دەستی من ماچ بکە"

لە دوای راپەڕین هەندێك کەفت و رەفتم کرد بەڵام وا چەقی بووم رەشەباکەی (نیو ئۆرلیانز)یش قوتاری نە دەکردم ئێ باشە چۆن نەچەقم؟؟؟ !!

کە هاتمە کەنەداش دایکم گووتی " کچم ئێسسستا چوویە ناوسالان حەقت بەسەر شیعرو شیعرانی ُو ئەو شتانەش نەبێت هەر پلاوو دۆڵمە بۆ منداڵەکانت لێبنێ ئیسراحەت بکە"

منداڵەکانم زۆر حەزییان لە پلاو نییە بەڵام جەماوەری دۆڵمەن منیش قسوریم نەکرد لە دۆڵمە لێنان ناوەش هەر دەمنووسی سەیر لەوەیە نووسینێکم لە سەر دۆڵمە لە گۆڤاری ( جوگرافییای کەنەدا ) بلاو کرایەوەو خەلات کرا , زۆر بەم خەلاتە پێکەنیم , ئاخر دۆڵمە هەموو نووسینەکانمی کوشت و لە ولاتێکی دوور دوور خەلاتێکی بە بێ دەنگی بۆ هێنام

ئای چەند زەحمەتە لە ئاشبەزخانەیەکی زۆر تاریك , کاغەز و قەڵەمێك لە گەڵ کەرستەی دۆڵمە دابنیێ ! .